# تەڵاق و ترازانی ژیانی هاوسەری لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بە پەسەند نازانرێت

**تەڵاق و جیابوونەوەی هاوسەرەکان دوا ڕێگەی نەمانی چارەسەرییەکانی ژیانی هاوسەرییە، بەهۆی تەڵاقەوە ساڵانە هەزاران خێزان سەرگەردان دەبن و بە هەزاران منداڵیش بێسەرپەرشت دەبن، یەکێك لە دیاردە ناخۆشەکان کە تەڵاق لەدوای خۆی بۆ ژن و مێردەکە بەجێی دەهێڵێت ئاییندەی منداڵەکانیانە، چونکە بەشێکی زۆری ئەو منداڵانەی کەدایك و باوکیان لەیەکتری جودابوونەتەوە تووشی کێشە دەبن، کە چۆن بڕیار بدەن لای دایکیان بن یان لای باوکیان، ئەمە بێجگە لەوەی هەموو ئەو ئافرەتانەی کە تەڵاقدراون یان داوای جیابوونەوەیان کردووە، لەکارەکەیان پەشیمانن.**



گوڵزار کەمال مامۆستای بنەڕەتی کە ماوەی چوار ساڵە لەهاوسەرەکەی جوودابۆتەوە، ئێستا لەگەڵ منداڵە تاقانەکەیدا پێکەوە ژیان دەگوزەرێنن، ئاماژە بەپەشیمانی خۆی دەکات و دان بەوەدا دەنێت کە گەورەترین هەڵەی مرۆڤەکان جیابوونەوەیە، گوڵزار دەڵێت «هەمیشە ئامۆژگاری خەڵك دەکەم خۆیان بەسەر هەموو کێشەکاندا زاڵ بکەن و هەرگیز بیر لەجودابوونەوە نەکەنەوە، چونکە جودابوونەوەو مانای داڕمانی کەسایەتی تاکەکان و هەڵوەشاندنەوەی خێزان و سەرگەردان بوونی منداڵەکانە». گوڵزار باس لەوەدەکات کەجیابوونەوە کێشەیەکی زۆر بەجێدەهێڵێت، زۆربەی ئەو کەسانەی کە جیابوونەتەوە ئێستا پەشیمانن، هەروەها ئاماژە بەوەدەکات کە منداڵەکەی هەمیشە بەخەمبارییەوە تەماشای ئەو منداڵانە دەکات کەلەگەڵ دایك و باوکیاندان، لەبەر ئەوەی لێکجیابوونەوەی باوك و دایکی منداڵەکەی یان لەسۆزی دایکی یان لەسۆزی باوکی بێبەشکردووە، هەرچەندە لەلایەن دایکەوە بایەخیشی پێبدرێت ئەو منداڵە هەست بەبێ باوکی دەکات.

**تەڵاق و لێکجیابوونەوە وەك خواردنەوەی پیاڵەیەك ژەهرە**

تەڵاق ئەوەندە وشەیەکی قورسە، زۆر جار دادوەرەکانیش هەوڵدەدەن خۆیانی لێ بەدووربگرن و تا دوا ساتەکان هەوڵی ئاشتکردنەوەی ژن و مێردەکە دەدەن، سەناریا عەلی کە هەشت ساڵ لەمەوبەر لەهاوسەرەکەی جودابۆتەوە جارێکی دیکە شووی کردۆتەوە، ئێستا منداڵەکانی لای هاوسەرە کۆنەکەیەتی، سەناریا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بۆ جودابوونەوە لەمێردەکەی کاتێکی زۆری ویستووە، بەڵام ئەمان هەر ڕێك نەکەوتوون و ئێستاش سەناریا زۆر پە شیما نە ، هەمیشە بەدەم هەنسکی گریانەوە دەڵێت، خۆزگە مردبام و تەڵاق نەدرابام، چونکە تەڵاقدان هێندەی مردن ناخۆشە، جیابوونەوە مانای مردنی ڕۆحی مرۆڤە، سەناریا دەشڵێت «لەهەر کات وساتێکدا کە منداڵێك دەبینم، قورگم پڕدەبێت لەگریان، ئەگەر بمزانیبایە جودابوونەوە ئەم کارەساتە دروست دەکات هەرگیز قبوڵم نەدەکرد، چونکە من و هاوسەرکەم ڕاستە کێشەمان هەبوو، بەڵام هەرگیز نەمدەزانی تەڵاق ئەوەندە ناخۆشە، لەبەر ئەوە داوا لەهەموو هاوسەرەکان دەکەم ژیانیان هەرچۆنێك بێت و بەهەر شێوەیەك بێت هەرگیز بیر لەجودابوونەوە نەکەنەوە، بەڕاستی تەمەن کورتە ئەوەندە ناهێنێت کەخودای گەورە لەخۆمان تووڕە بکەین».

**جیابوونەوە مانای مردنی ڕۆحە**

زۆربەی زۆری پیاوەکانیش کە لەژنەکانیان جودابوونەتەوە لەم کردارە پەشیمانن، لەمبارەیەوە ئومێد عەلی کە باوکی کچێکی چواردە ساڵانەو ماوەی پێنج ساڵە لەژنەکەی جودابۆتەوە، سەبارەت بەئازارەکانی جیابوونەوە کە هەموو ڕۆژێك هەستی پێدەکات، دەڵێت «ئەگەر هەرکەسێك بیزانیبایە جودابوونەوە چەندە

ناخۆشـــە، هەرگیز بیـــری لێنەدەکردەوە.
جودابوونەوە یەکێکە لەدیاردە ناپەسندەکان،
من و هاوسەرەکەم هەردووکمان پەشیمانین،
ئەگـــەر ســـاتەکانی تەمـــەن بگەڕێتەوە
لەوباوەڕەدام هەرگیـــز کاری وەها دووبارە
نەکەمەوە، خۆزگە جیابوونەوە حەرام دەبوو
تاکەس نەیتوانیبایە خێزانەکەی هەڵوەشێنێت
و منداڵەکانی سەرگەردان بکات».

**تا دەساڵ منداڵ لای دایك دەمێنێتەوە**

لـــەدوای جیابوونـــەوە لەڕووی یاســـاییەوە
دایك مافـــی هەیە منداڵەکەی تا تەمەنی
دەبێتە دەســـاڵ بەخێوی بکات، لەمبارەیەوە
پارێزەر ئومێد عەبدولسەلام شارەزا لەیاسای
باری کەسیدا ئاماژەی بەوەدا کە لەڕووی
یاســـاییەوە دوای جودابوونەوە مافی دایکە
منداڵ بەخێـــو بکات، واتـــا منداڵ هەتا
دەســـاڵ لای دایکەکە دەبێت، بەڵام دوای
دە ساڵی دەکەوێتە لای دادگا و داواکاری
گشـــتی ئاییندەی منداڵەکە دەستنیشـــان
دەکات، ئومێـــد دەڵێـــت «یاســـای باری
کەســـی، منـــداڵ دەدات بەدایك بەخێوی
بکات هەتا تەمەنی دەساڵی. بەجۆرێك ئەو
دایکە دەبێتە ئەرك لەســـەری منداڵەکەی
بەخێو بکات، دوای دەساڵ بەپێی ڕاپۆرت
بەدواداچـــوون و چاودێـــری کـــردن بڕیار
دەدرێت لەســـەر ئاییـــندەی منداڵەکە، لەم
کاتەدا یاســـا سەرپشکە چ بڕیارێك دەدا)،
سەبارەت بەو حاڵەتانەی کە منداڵ لەدایك
وەردەگیرێتەوە، ئومێد دەڵێت (یاســـا لەیەك
کاتدا منداڵەکـــە لەدایکەکە دەســـێنێتەوە
و دەیدات بە باوکەکـــە، ئەویش بەوەی کە
ئەو دایکە زیان بەمنداڵەکە بگەیەنێت وەك
ئەوەی لەڕووی ڕەوشتەوە زیانی لێبدات یان
نەخۆشییەکی ترســـناکی هەبێت یان باری
ئابووری لاوازبێت».

**تەڵاق بەبێ هۆ حەرامە**

مامۆســـتا محەمەد وەرتی
بەرپرسی لیژنەی

هەڵدەوەشێتەوە و ژن تیایدا زیانمەند دەبێت و
دەڵێت «لەڕووی ئایینەوە تەڵاقدانی بێ هۆ
دروســـت نییە، تەنیا لەحاڵەتێکدا نەبێت کە
کێشەو گیروگرفت لەخێزانەکەدا زۆر دەبێت،
لـــەو کاتەدا تـــەڵاق ئەگـــەر ڕووش بدات
ئاســـاییە، بەڵام ئەگەر پیاوەکە لەخۆیەوە
ژنەکەی تەڵاقبدات، حەرامە. لەبەر ئەوەی
تەڵاق لەدوای خۆی زەرەر و زیانێکی زۆر
بەجێدەهێڵێت و زیان لەئاییندەی کۆمەڵگە
دەدات، لەبەر ئەوە واباشترە مرۆڤەکان خۆیان
لەتەڵاقدان بەدووربگرن».


**جیابوونەوە ئاییندەی کۆمەڵگە لەناو دەبات**

دکتۆر ئەحمەد زەکـــی بەدەوی کۆمەڵناس
و فەیلەســـووفی میســـری دەڵێـــت
«هەرکۆمەڵگەیـــەك جیابوونـــەوە تێیـــدا
زۆربێت، بەرەو هەڵدێر دەڕوات». لەمبارەیەوە
ڤیان کامل توێـــژەری کۆمەڵایەتی ئاماژە
بەمەترسییەکانی جیابوونەوە دەدات و دەڵێت
«جیابوونەوە کۆمەڵگە بەرەوە هەڵدێر دەبات
و لـــەڕووی کۆمەڵایەتییـــەوە جیابوونەوە
بەیەکێـــك لەنەخۆشـــییەکانی کۆمەڵگـــە
دادەنرێـــت، لەبەر ئەوەی هەر کۆمەڵگەیەك
جیابوونەوەی زۆر تێدا بێت، کۆمەڵگەیەکی
مردووە. جیابوونەوە گەورەترین زیانی بۆسەر
کەســـایەتی مرۆڤەکان هەیـــە، هەرکاتێك
جیابوونـــەوە لەکۆمەڵگەدا زیـــادی کرد،
کۆمەڵگە بـــەرەوە هەڵدێر دەڕوات، چونکە
منداڵی ئەو دایك و باوکانەی کە لەیەکتری
جودابوونەتەوە لەژیان بێ هیوا دەبن و نازانن
چی بکەن، هەمیشە هەســـت بەنامۆبوون
دەکـــەن، لەبەر ئەوە وا باشـــترە هەمیشـــە
تاکەکان بەر لەوەی بڕیاری جیابوونەوە بدەن
ئاوڕێك لەمنداڵەکانیـــان بدەنەوە و بیر لەوە
بکەنەوە ئاخۆ ئـــەو منداڵە کێ پەروەردەی
دەکات».

**منداڵان تووشی گرفتی دەروونی دەبن**

توێـــژەری دەروونـــی کانیـــاو
قادر ســـەبارەت بەکێشـــە
دەروونییەکانـــی

ئاییـــندەی منداڵەکانیـــان کانیاو ئاماژە
بەوەدەکات کە زۆربەی منداڵەکان لەدوای
جیابوونـــەوەی باوك و دایکیان تووشـــی
قەیرانـــی دەروونی دەبـــن و ڕووبەڕووی
گرفتە دەروونییەکان دەبنەوە، بۆیە باشترە
دایك و باوك ئەگەر بەردەوام کێشەشـــیان
هەبێت، بەڵام هەر لەگەڵ یەکتر بن وەکو
یەك خێزان لەپێناو منداڵەکانیان، چونکە
هیشـــتا ئەو حاڵەتە باشـــترە لە حاڵەتی
جیابوونەوە».





بـــا لای
فتـــو ا
لە هە ر ێمـــی
کورستان ئاماژەی
بـــەوەدا لـــەڕووی
ئاینییـــەوە تـــەڵاق
ڕوو نەدات باشـــە،
لەبـــەر ئـــەوەی
خێزان لەبەر یەك

دوای جیابوونـــەوە
دایـــك و باوك لەســـەر منداڵ
دەڵێت «جیابوونەوە زۆر کێشـــەو
گیروگرفتی دەروونی دروســـت دەکات،
ڕەنگە ببێتە هۆی دارمانی کەسایەتی
ئەو مرۆڤە، بێجگە لەوەی کەســـایەتی
منداڵەکانیـــان بەتـــەواوی بەهـــۆی
جیابوونـــەوەوە دادەڕمێت». دەربارەی

# قورسی کتێبەکان قوتابیانی بێزار کردووە

ئا: دیار سالار

بەیانیان کە جانتا پڕ کتێبەکەی دەکاتە شانی، بێزاری لەچاوە گەشەکانی (دانا) قۆناخی دووی بنەڕەتی دەخوێنمەوە، هەستم دەکرد پێم دەڵێت ئەم جانتایە زۆر قورسە و تادەگەمە قوتابخانە شانم دەکەوێتە خوارەوە، بۆیە ئەو پرسیارەی لا وروژاندم ئایا پێویست دەکات هەموو ڕۆژێك ئەم قوتابیە منداڵانە ئەم هەموو کتێبە بێنن و بەرن؟ ئایا ئەمە نابێتە هۆکاری ئەوەی هەر لەسەرەتای پرۆسەی خوێندنەوە دڵیان لە خوێندن و چوون بۆ قوتابخانە سارد بێتەوە؟ ئایا سیستەمی نوێی خوێندن لە قوتابخانە کۆنەکان سەرکەوتوو دەبێت؟ ئەم پرسیارانە ناخمی دەهەژاند، بۆیە خولیای ئەوە کەوتە سەرم بۆ ئەوەی زیاتر بپرسم و بزانم ئەمە تەنیا هەستی منە یان دایکانی دیکەش هەستیان بە ئازاری ڕۆڵەکانیان کردووە. بۆ ئەم مەبەستە پرسیارم لە دایکی چەند قوتابییەك کرد، یەك لەوانەی پرسیارم لێی کرد دایکی سیڤەر بوو، لێم پرسی ئایا هەست ناکەی سیڤەر ماندوو دەبێت هەتا بەم جانتا قورسەوە دەگاتە هۆڵەکانی خوێندن؟ لەوەڵامدا ئاهێکی هەڵکێشا و پێی وتم: نازانم چی بڵێم، بەیانیان کە جانتاکەی بۆ ئامادە دەکەم بۆ ئەوەی بچێتە قوتابخانە هەست دەکەم سیڤەر تا دەگاتە قوتابخانە زۆر ماندوو دەبێت، لەبەر ئەوەی کێشی کتێبەکانی نزیکەی ٥ کیلۆ دەبێت، دەشزانم ئەمە بۆ تەمەنی سیڤەر قورسە و هیلاکی دەکات، بەڵام ئەوەی سەرم لێی سوڕماوە ئەوەیە بۆچی وەزارەتی پەروەردە بیر لەماندوبوون و تەندورستی ئەو منداڵانە ناکاتەوە و چۆن قبووڵ دەکات ئەو منداڵانە لەو تەمەنە بەو ئاستە هیلاك بن، لەبەر ئەوەی ئەو کۆرپانە ئاییندەی وڵاتەکەمانن).

دوای قسەکانی دایکی سیڤەر هەستمکرد هەموو هەستیان بە ئازای کۆرپەکانیان کردووە، ئەوە بەتەنیا من نیم هەستم پێکردووە، بۆیە پرسیارم لە خاتوو سۆلاڤ کەمال مامۆستای قۆناخی بنەڕەتی و دایکی یەکێکی دیکە لەقوتابییەکان کرد و پێم وت: ئایا ئێوە وەك مامۆستا و دایکی قوتابیەکی قۆناخی بنەڕەتی هەستتان بەوە کردووە کە کێشی ئەو کتێبانە زۆر زۆرن و قوتابییەکان هیلاك دەکات؟ لەوەڵامدا مامۆستا سۆلاڤ بەمجۆرە وەڵامی دامەوەو وتی: (قورسی کێشی کتێبەکان نەك منداڵەکان، بەڵکو ئێمەشی وەك دایکان بێزار کردووە، من منداڵەکەم لەگەڵ خۆم دێنم و زۆر جار کە هەست دەکەم ماندوو بووە یارمەتی دەدەم و جانتاکەی لێوەردەگرم و بۆی هەڵدەگرم، بێجگە لەوەی منیش ماندوو دەکات، لەخۆشم دەپرسم چۆن دەبێت ئەم بارە قورسە بەشانی منداڵانەوە بێت، بۆیە ڕووی قسەی خۆم دەکەمە وەزارەتی پەروەردە و پێموایە دەبێت وەزارەتی پەروەردە چاوێك بەم لایەنە بخشێنێتەوە و چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە.

## پسپۆرانی پەروەردەیی و تەندروستی لەمبارەوە چی دەڵێن؟

پسپۆرانی پەروەردەیی قورسی کێشی کتێبەکانیان لا ئاساییە، بەڵام ئەوەی بە نائاسایی دەزانن، ئەوەیە ئەو کتێبە قورسانە ڕۆژانە بە شانی منداڵانەوە هاتووچۆیان پێبکرێت، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە خاتوو گوڵاڵە حوسێن پسپۆری پەروەردەیی کردو لەمبارەوە بەمجۆرە ڕای خۆی پێ وتین: (لە هەموو جیهاندا کتێبی قوتابخانەکانی قۆناخی بنەڕەتی قورسن، لەبەر ئەوەی ئەو کاغەزەی ئەو کتێبانەی لەسەر چاپدەکرێت ئەستوورن و هەروەها کتێبەکان هۆکاری ڕوونکردنەوەی زۆری تێدا بەکاردەهینرێت، بۆیە ژمارەی لاپەڕەکانیشی زۆرن، ئەمەش وایکردووە کێشی کتێبەکان قورس بن، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر بەراوردی کێشی کتێبەکانی قۆناخی بنەڕەتی وڵاتی خۆمان لەگەڵ کێشی کتێبەکانی هەمان قۆناخی وڵاتی دیکە بەراورد بکەین، هەست دەکەین کێشی کتێبەکانی ئەوان لە کێشی کتێبەکانی قوتابیانی ئێرە قورسترە، بۆیە ئەگەر بە وردی لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستە بکەین، هەست دەکەین قورسی کێشی کتێبەکان کێشەیەك نین، بەڵکو هاتۆچۆپێکردنی کتێبەکان کێشەکەیە، ئەمەش بەرەو ئەوەمان دەبات ڕاشکاوانە دەست بخەینە سەر ئەم کێشەیە و بڵێین هەتا ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك پێویست نەیتوانیووە بەرنامەیەك بۆ چارەسەری قورسی کێشی کتێبەکان بدۆزێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر لەناو پۆلەکانی خوێندن شوێنێك هەبێت کتێبەکانی لێ پارێزراو بێت و ڕۆژانە ئەو هەموو کتێبە هاتوچۆی پێنەکرێت، بەشێکی زۆری ئەم کێشەیە چارەسەر دەبێت. بۆیە دەتوانین بڵێین کورتترین ڕێگە چارەسەر ئەوەیە شوێنێك لە قوتابخانەکان دابین بکرێت بۆ ئەوەی ڕۆژانە ئەو هەموو کتێبە هاتوچۆی پێنەکرێت)).

دکتۆرە سۆزان کاکل پسپۆر لەنەخۆشییەکانی ئێسکدا سەبارەت بە زیانەکان دەڵێت (لەڕووی تەندروستیەوە نابێت منداڵ لەتەمەنی پانزە ساڵی کەمتر هیچ جۆرە کێشێکی قورسی بدرێتێ لەبەر ئەوەی هێشتا ئێسکەکانی بەتەواوی بەهێز نەبوون و ناتوانن وەك پێویست ئەو هێزە قورسە ڕابکێشن، ئەمە بێجگە لەوەی زیانی زۆری بۆ بڕبڕەی پشت هەیە، گەورەترین مەترسی بۆ جومگەکانی ئێسك هەیە).

ناوبراو پێیوایە ئەو شتوومەکە قورسانە بەهەموو شێوەیەك لەشێوەکان زیان لەباری تەندروستی منداڵ دەدات و پێویستە لەدانانی پرۆگرامەکاندا باری تەندروستی بەرلەهەموو شتەکانی تر لەبەر چاوبگیرێت.

مامۆستا ئاراس نەجمەدین بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرام و چاپەمەنیەکان لەوەزارەتی پەروەردە سەبارەت بەچارەسەرکردنی ئەم گرفتە بەگوڵانی ڕاگەیاند کە ئەوان بەدرێژایی ماوەی ڕابردوو هەوڵی بەردەوامیان داوە بۆ کەمکردنەوەی کێشی پەرتووەکان و چەندین لیژنەی پسپۆریان پێکهێناوە بە پوختەکردنی پەرتووکەکان بۆئەوەی کێشەکەی کەمبێتەوە، دەشڵێت (لەکۆتایی ئەمساڵیشدا بڕیارە کۆنفرانسی زانستی لەشاری هەولێری پایتەخت ببەسترێت و لەم کۆنفرانسەدا سەرلەنوێ پرۆگرامەکان بەشێوەیەك دادەڕێژرێتەوە، هەموو پەرتووکەکان پوختە دەکرێن).

ئەسکەندەر مستەفا بەڕێوەبەری پرۆگرامەکان لەبەڕێوەبەریەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنیەکان ئاماژەی بەوەدا کە دوو پەرتووك هەن کە کێشیان گرانە، ئەوانیش بریتین لە پەرتووکی زانست و بیرکاری، دەشڵێت (ئەم دوو پەرتووکە لەسەرەتادا لەدوو بەرگ پێکهاتبوون بۆئەوەی بە دوو بەرگی جیاواز بخوێندرێت، بەڵام بەهۆی دروستبوونی کێشە لەکاتی دابەشکردنی لە قوتابخانەکان، لەبەر ئەوە بۆ ساڵی دووەم هەردوو پەرتووکەکەمان لەیەك بەشدا کۆکردەوە، لەبەر ئەوە کێشەکەی قورسبوو، لەئێستادا کاردەکەین بۆ کردنی بە دووبەش و کەمکردنەوەی بڕگەکانی بابەتەکان بەشێویەك کە زیانی نەبێت، بەڵام ئەوەی گرنگە پێوستە بەشەکان بەشێویەك کورت بکرێنەوە زۆر لەڕووی زانستییەوە کەموکورتی دروست نەبێت، چونکە هەموو بابەتەکان پێوەندی تەواویان بە یەکەوە هەیە و ناکرێت لێکبپچڕێن).



# پاریس و گەڕانەوەی کوێستان

کاتێك یاسەمین لەو مێزەی ڕێبواری لێ پاڵ دانیشتبوو نزیك بوەوە، وەك چۆن منداڵێك بەسەربانەوە تیرەی کۆلارەیەکی فڕیو لە کەڵەپەنجەی بەربوو‌بێت، بەو شـــێوەیە ڕێبوار کلافەدەزووەکانی بیرو هۆشی لەدەست بوونەوەو مۆبایلەکەی لەسەر مێزەکە دانا، ڕێك کوێستانی کۆنە عەشق و یاری جارانی خۆی هاتە پێش چاویی و کاســێتی بیرەوەرییەکانی بۆ پاشەوە هەڵکردەوە، کوێستان لەو تەمەنەیدا کە وەك کارمامزێکی شەرمن پەیمانی خۆشەویستی لەگەڵ ڕێبوار بەستبوو، بارودۆخی ئەوســـای جەنگ و قەدەر لێکی دابڕاندبوون، ئێستاش ڕێبوار لە کافتریای سەر شەقامێکی شاری پاریس بە مۆبایل قسەی لەگەڵ دایکیـــدا دەکرد، هەر لەگەڵ قەپاتکردنەوەی مۆبایل، ئەم کیژە پاریســـیەی کە شـــێوەی کوێستانی گرتبوو، بەسەر ســـەرییەوە ئامادەبوو، یاسەمین وەك شازادەیەکی خەمگین، ناسك ناسك بە ڕێبواری وت

(تۆ کـــوردی عیراقیت..؟) ڕێبوار بە واقوڕماوی بەهەموو هەســـتییەوە لە یاســـەمینی دەڕوانی و هەستایە ســـەرپێ و پێی وت ( ئای خوایە، کەواتە من لە وڵاتی غەریبیدا نیم، بەڵێ کوردم خەڵکی ســـلێمانی، ئەی بەڕێزتان کێن؛لێرە چی ئەکەی؟!!) ئەویش لەژێر شەبەنگی پرچی زێڕینیەوە ملی لار کردەوەو بەدوو پەنجەی نەرمی تاڵە قژەکانی ســـەرناوچەوانی خۆی وەلاداو وتـــی (پێم خۆشـــە گوێم لە زمـــان و دەنگێکی خۆمانە بـــوو، ماڵەبابم لە قامیشـــلۆ دەژین، منیش لێرە لە بواری فیلمســـازی لەگەڵ دەرهێنەرێکی کـــورددا بەکاری هونەرییەوە خەریکم، ئەی تۆ لێرە چی دەکەی؟) ڕێبوار بە زەردەخەنەیەکـــەوە کە لەوەتەی لە میترۆکە دابەزیوەتە ئەم شـــارە یەکەم جارە بەلێویەوە دەردەکەوێت و پێی دەڵێت (من ئێســـتا بە بۆنەی سیمینارێکەوە کە سبەی ئێوارە ئینستیتوی کورد ســـازیی ئەکەن، لە فرانکفۆرتەوە هاتومەتە پاریس و وا لێرە ئەمبینی پێکێ شەرابی پاریسی دەنۆشم، گەر کاتتان هەبێ پێم خۆشـــە باشتر یەکتری بناسین، من ناوم ڕێبوارە..) یاسمینیش زەردەخەنە ئەیگـــرێ و پێکەوە بەرانبەر یەکتر لە دەوری مێزەکە دادەنیشـــن و دەڵێت(من ناوم یاســـمینە، خۆ بە دانیشـــتنم ناڕەحەت نابیت؟) تاوێ بە هێمنی و لەپڕ زۆر بە جددیەوە ڕێبوار زاری لێ هەڵدێنێ (شـــەرەفێکی گەورەیە بۆ من لەم ئێوارەیەدا کیژێکی بەڕێزی وەك تۆ لە پاریس بناسم و لەبەرانبەری دانیشتبم) یاســـمینیش لەسەرەخۆ جگەرەیەك دائەگیرسێنێ و بە تەوسەوە دەڵێت(ئەی بۆ نالێی ڕێکەوتێکی گەورەیە، تۆلەشـــارێکی خاوەن دووهەزار کافتریاییـــدا، لەم کافتریایە دانیشـــتویت و بووی بە تووشی کەسێکی ئیزعاج و ڕەزاگران و وخۆهەڵقورتێنەری وەك منـــەوە) ڕێبواریـــش دوای تاوێ بێدەنگی شـــانی هەڵدەتەکێنێ و بـــە خەنـــدەوە دەڵێ (بە پێچەوانەوە، یەکەم فەرەنسی نازانم، دووەم بە ئینگلیزییەکی زۆر باشیش قسەناکەم، سێیەم شارەزای ئەوروپا نیم، چوارەم لە ناوونیشانی ئنستوتی زیاتر هیچ شـــوێنێکی پاریس ناناســـم، پێنجەم ئەی باشە بۆ نەڵێم کەسێکی فریشتە لە ئاسمانەوە باریوەوبەسەر مێزەکەی مندا کەوتووە) لەپڕێکدا یاسمین لەدڵەوە پێئەکەنێت و لەناو پێکەنینەکەیدا بە تەوسەوە دەڵێت(شارە حەیاتەکەی ســـلێمانی چۆنە.؟!!..) وشـــەی حەیاتەکە لە گوێی ڕێبواردا دەزرنگێتەوەو ئینجا کەمێك ڕووخســـاری ڕوو لە گرژی دەکات و وەك ئەوەی هەوڵ بدات شـــتێك شیبکاتەوە بە یاسمین دەڵێت(وەکو پاریس زۆر تۆخ نییە، پەشمەکییە، بەس نابێت لە لەپی دەســـتەکانتا بیگوشیت، هێندە شیرینە گەر لە سەرزارت دایبنێی وەك شـــەکردەتوێتەوە، ئەی نەتبیستووە شام شەکەرە وڵات شیرینترە) لەبەر چرا سوورەکەی بە دەرگای کافتریاکەوە هەڵواسراوبوو چاوەکانی یاسمین دەبریسکێتەوەو ســـەیرێکی ئاسمان دەکات و بە ناڕەحەتییەوەو، بەلەسەرخۆیی دەڵێت(شـــام بۆ کوردانی ســـووریا بووەتە ژەهری مار، وادیارە تۆ ئاگاداری هەواڵەکانی ئەوێ نیت، پەشـــمەکی ئەوێ لە چنگی هەژدیهایەکی حەوت ســـەردایە، هەموو دنیا تەماشـــای دەکەن و ناوێرن توخنی بکەون، ئێستا من بە فیلمێکی دیکۆمێنتارییەوە لەســـەر بارودۆخە نالەبارەکەی ئەو بەشـــەی کوردستان کە خەڵتانی خوێن کراوە خەریکم، سەرباری ئەمانە ئەمەوێ بزانم، هەر بە ڕێکەوت قامیشـــلۆو سلێمانی دەستەخوشـــکی یەکترن، یان جگە لە یەك نەتەوەیی و شـــێوەزاری کورمانجی ژوورو خوارو چ خەمێك هەیە کۆیان بکاتەوە؟؟!!) ڕێبوار بە شەرمێکەوە گڵاسە شەرابەکەی بۆ لێوی خۆی بردو دوای قوم لێدانێك بە یاســـمینی وت( بەڵێ، ئەو سۆزە جوانەی لە نێوان من و تۆدا کە ئێســـتا بە ڕێکەوت لەوڵاتێکی غەریبەدا بەم ئێوارەیە دروست بوو، هەمان ســـۆزە ئەو دوو شارە پێکەوە ئەبەستێتەوە، کە هەریەکەیان لکێنراون بە وڵاتێکی بێگانە بە خۆیان، تۆ ئێســـتا بۆ من لە کیژێکی کورد زیاتر دێیتە بەرچاوم، ڕەنگە منیش بۆ تۆ لە کوڕە کوردێك زیاتر بێمە بەرهەست و دیدەت، واتە تۆ زیاتریت لە کیژێك منیش زیاترم لە کوڕێك، گەر من لەگەڵ دایکما بە کوردی قســـەم نەکردایە تۆ نەدەهاتیتە بەر مێزەکەم و ئەم یەکترناســـینە قەشـــەنگە پێك نەدەهات) یاسمین لێوێکی هەڵقورتان و وتی (هەست ناکەیت دانیشـــتنەکەمان کردە مێزی دانوستان، تۆ کەســـێکی سیاسیت، بەهونەرەوە هەڵســـوکەوت لەگەڵ مندا دەکەیت منیش هونەرمەندم و دەرگای وتووێژی سیاســـیم لە تۆ کردەوە بێ ئەوەی بزانم ســـەر بە چ بیرو بڕوایەکیت، گرنگ ئەوەیە ئێســـتا لە دوای ئەم وتووێژە چۆن من دەبینی؟)بەوپەڕی جیددیەتەوە ڕێبوار بە یاســـمینی وت( تۆ لە شێوەدا کوێستانی، بە یەکەم بینینت چاوانم لە کەمەری بیرەوەرییەك گیر بوو، بەڵام دەرکەوت لە ناوەڕۆکدا، تۆ بەشێکی دانەبـــڕاوی لەو خاکەی من تێیدا فامم کردۆتەوە، بە هەرحاڵ لەگەڵ خۆتا چاك ناکەیت گەر نەبیتە هاوڕێی ئەم ســـەفەرەم، ســـبەینێ دەتوانم بتبینمەوە؟؟)

یاسمین بە هەناســـە هەڵکێشانێکی نزمەوە( بەڵێ بێوەفا دەبم گەر نەتبینمەوە) لەکاتی هەستانیا بەحەسرەتێکەوە لەبەرخۆیەوە وتی(خۆزیا بمتوانیایە من بێ پاسپۆرت بهاتمایەتە سلێمانی و تـــۆش بتتوانیایـــە لـــە قامیشلۆ بێ پاسپۆرت پیاسەت بکردایە، لەو هەست و سۆزانە بدواینایە کە لێرە لەئاسانیدا ســـوك بـــوون و لەوێ لەزەحمەتیدا مرێنراون..)



## بێکاری لاوان و دەرهاویشتە کۆمەڵایەتیەکانی

# تەنزیلاتی هێزی کار لەلایەن کۆمپانیاکانەوە

ئا: سانە سلێمان

**بەپێـی ئەو ئامارەی دەسـتمان کەوتووە ئێسـتا لەهەرێمی کوردسـتان ١١٤٩١ کۆمپانیا هەیە، بەڵام ئەم ژمارە زۆرە کـە ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش لەزیادبووندایە، نەبۆتە هۆکارێك بۆ کەمبوونەوەی دیاردەی بێکاری، هەربۆیە ئەو پرسـیارانەی لەمبارەوە دورسـت دەبن ئەوەیە، ئایا لەکوردسـتان دیاردەیەك هەیە ناوی بێکاری بێت؟ ئەگەر ئەم دیاردەیە هەیە، ئەی بۆچی پێویستیمان بە هێزی کاری خەڵکانی بیانییە بۆئەوەی بێنە کوردستان و کار بکەن؟ بۆچی لاوانی کوردسـتان بەکوڕ و کچەوە ڕوودەکەن دامەزراندن لەفەرمانگەکانی حکومەت و لەکۆمپانیا و بوارەکانی کەرتی تایبەت**

### پێدانی کار بەمەرج

لەبـەر ئـەوەی کۆمپانیـاکان لـەدەرەوەی هێزی کاری لاوانی کوردستان، سـەرچاوەیەکی دیکەیان بـۆ هەڵسـوڕانی کاروبارەکانیـان بەنرخی هەرزان دابینکـردووە، بۆیە وەك کرێکار و کارمەندی بیانی مامەڵـە لەگەڵ لاوانـی کوردسـتان دەکەن و بۆ دۆزینەوەی کار دەیان مەرجیان بۆ دادەنێن، لەمبارەوە سـوهیلە-مان دوواند کە کچێکی تەمەن ٢١ساڵە و دەرچـووی ئامادەیـی بازرگانیە، ئەو باسـی ئەوە دەکات کە وەکو کاشـیارێك ئێستا لەنیویستی کاردەکات، بـەڵام پێشـتر و دوای تەواوکردنـی خوێندنی چۆتە چەندین کۆمپانیای کەرتی تایبەت کاریان پێنـەداوە، چونکە هیـچ زمانێکی بیانی نەزانیوە و شارەزای لەهەندێك بەرنامەی کۆمپیتەر نەبـووە، یاخود کاتی دەوامەکەیـان زۆر بووە، بۆیە بێجگە لـەوەی لەکۆمپانیاکە وەرنەگیـراوە، لەبەر زۆریی کاتی دەوامیـش خێزانەکەیان ڕازی نەبوونە لەو کۆمپانیانە کاربکات.

هەروەهـا ئەو کچە گەنجە دەشـڵێت «ئەگەرچی کۆمپانیای تایبـەت جێگەی متمانە نییە، چونکە ڕێز لـەو خزمـەت و توانایەی مـن ناگرێت کە لەکەرتی تایبەت سـەرفی دەکەم، بەڵام باشـترە تا لەشوێنێك دادەمەزرێم لێرە کاربکەم، هەرکە دامەزرام ئەوا کارەکەم جێدەهێڵم».

هەروەها گەنجێکی دیکە کە تەمەنی ٢٠ سـاڵە و لەزانکۆ وەرنەگیـراوە، بەناوی هەریاد محەمەد کە ئەویش ئێسـتا بێکارە و بۆ چەندین کۆمپانیا چووە کەچی وەریان نەگرتووە تەنیا لەبەر ئەوەی ئەو زمانی کـوردی دەزانێت و شـارەزایی لەزمانی دیکە نییە بۆیە لەمبارەوە بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ خستینەڕوو وتی: (زۆر بەداخەوە ١٢ساڵم خوێند وا هەست دەکەم ئەو تەمەنە لەژیانم فەوتاوە، چونکە ئێسـتا دەبینم فێری هیچ زمانێکی بێگانە نەبووم، یاخود لەبوارێك



**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

## هەتا یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران پەسەند نەکرێت، ناتوانین هیچ بکەین

شارەزا نەکرام بۆئەوەی بۆ ئێستا و بۆئاییندەم کاریکی پێ بدۆزمەوە و ژیانمی پیێ ئاسـودە بکەم، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لەماڵەوە ٦ براین هەموو خوێندنمان تەواو کردووە، بەڵام تا ئێستا تەنیا دوو برام لەفەرمانگاکانی حکومەت دامەزراون لەبەر ئەوەی من شارەزایم لەهیچ بوراێك نییە، بۆیە لەکۆمپانیاکان تەنیا بەخزمەتکاری وەرمدەگرن، منیش بڕوانامەی شەشی ئامادەیم هەیە چۆن بەخزمەتـکار و چایچی کاردەکەم، ئێسـتاش بێکارم و بۆخۆم دەسوڕێمەوە).

ڤینۆس نوری-ش کە کچێکی تەمەن ٢١ ساڵە بەهۆی کەمـی نمرەکەی لە کۆلێژ وەرنەگیـراوە، لەماجدی مۆڵ وەکو کاشیار کاردەکات بۆ ئەوەی پارە کۆبکاتەوە و سـاڵێکی تر لەکۆلێژە تایبەتیەکان بخوێنێتەوە، ئەو کچە دەڵێت «کاری من وەکو کاشـیار مامەڵە کردنە لەگەڵ کڕیار و هیچ کێشەیەکم نییە، بەڵام کێشەمان لەگەڵ خـاوەن کارە، چونکە تورکە هەرچی بۆبکەین هیچ منەتـی پێ نییە، ئەگـەر هەڵەیەکی بچووك بکەین هەموو کارە باشـەکانیش لەبیر دەکەن و دەرمان دەکەن، کەرتی تایبەت جێگەی متمانەی دەستی کار نییە».

### پیاوانی کاری کەرتی تایبەت کرێکاری بیانیان لاپەسەندە

ئەوەی ئێسـتا خاوەنی کۆمپانیاکان و کەرتی تایبەت لەبەرامبـەر هێزی کاری لاوانی کوردسـتان پیادەی دەکـەن، بێڕێزی کردنە بەمافەکانـی هاووڵاتیبوونی لاوەکان لەنـاو وڵاتی خۆیاندا، لەمبـارەوە گەرچی پیاوانی کاری کەرتی تایبەت پاکانەی بۆ ئەوە دەکەن، ئەوەی کرێکاری بیانی بۆیان دەکات لاوەکانی خۆمان نایکەن، بەڵام لەوە بێ ئاگایە کە لاوانی کوردسـتان بێڕێـزی مافی هاوڵاتیبوون قبـووڵ ناکەن و ئەوەی سـەرمایەدار و خـاوەن کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بەرامبەر لاوەکانی ئێمە دەیکەن لەهەموو ئەخلاقێکی مرۆڤایەتی بۆ شێوەی کارکردنی هاووڵاتیان داماڵراوە، ئەمـەش پرۆسـەی پەرپێـدان و ئاوەدانکردنـەوەی کوردستانی پێچەوانە کردۆتەوەو کەرتی تایبەت لەبری ئەوەی سـەرچاوەیەك بێت بۆ دۆزینەوەی هەلی کار و خۆشگوزەرانی هاووڵاتیانی کوردستان، بۆتە هۆکارێك بۆ دۆزینەوەی کار بـۆ کرێکارانی بیانی و وڵاتانی هـەژار، ئەمەش باشـترین هەلە بۆ سـەرمایەدرانی کوردستان بۆ ئەوەی لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیان بەم جۆرە مامەڵە لەگەڵ هێزی کاری کوردسـتان بکەن، لەمبارەوە و سـەبارەت بە پەنابردنیان بۆ هێزی کاری بیانی، پرسیارمان لە بەڕێز دەشتی ئەحمەد بەڕێوەبەری بازاڕی نیوسـتی کرد سەبارەت بەوەی بۆچی لاوانی خۆمـان لەم پرۆژانە کار ناکەن؟ لە وەڵامدا پێی وتین



**جێگەیان نابێتەوە؟ ئایا پرۆسەی پەرەپێدان و فراوانکردنی کەرتی تایبەت بۆ ئەوەیە هەلی کار بۆ لاوان فەراهەم بکرێت، یان خاوەنی کۆمپانیاکان بەپێی قازانج و بەرژەوەندی خۆیان تەنیا بیر لەبەرژەوەندی خۆیان دەکەنەوە؟ ئایا دروستکردنی دیاردەی بێکاری بەدەستی ئەنقەست و بۆ بەرژەوەندی خاوەن کۆمپانیاکان تاچەند دەرهاویشتەی سلبی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە؟ بۆ بەدواداچوون و وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە چەند لایەنێکی ئەم پرسەمان تاوتۆ کرد.**

## خاوەنی کۆمپانیاکان:

# کرێکاری بیانی باشتر ڕێز لە کۆنتراکتەکان دەگرن و لەبەر ئەوەی پابەندبوونی کۆمەڵایەتیان نییە بۆیە باشتر کاردەکەن

«ئێمە کارکردنمان لەگەڵ کرێکارە بیانیەکان پێ باشترە، چونکە ئەوان پێوەندی کۆمەڵایەتیان لاوازە و کاتەکانیان بۆ کارکردن تەرخان دەکەن و ڕێزیش لەو گرێبیستە دەگرن کە مۆری دەکەن، بەگوێرەی کاتی گرێبستەکە کارەکانی خۆیان جێبەجێ دەکەن، بەڵام گەنجی کورد ئەگەر کارێکی باشتر بدۆزنەوە، کارەکە جێدەهێڵێت». نیووستی لەساڵی ٢٠٠٦ دامەزراەوە ١٠٪ی کرێکاری بیانی کاری لێدەکات و ٣٥٠ کرێکاریان هەیە.

بەڕێوەبەری سوپەر مارکێتی نیوستی لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت: (ئەگەرچی ئەو پارەی دەیدەمە کرێکارێکی بیانی، بیدەمە کوردێك باشترە، بەڵام گەنجانی ئێمە خۆیان وایان کردووە نە خاوەن کۆمپانیا متمانەی پێیان هەبێت و نە گەنج متمانەی بەکۆمپانیاکان هەبێت، چونکە ڕێز لەگرێبەست و کاتی کارکردنیان ناگرن».

نزار محەمەد-یش کە گەنجێکی تەمەن ٢٦ ساڵە و خێزاندارە و خاوەن دوو منداڵە و پەیمانگای تەکنیکی هەولێری تەواو کردووە، تاوەکو ئێستا دانەمەزراوە و بێکارە، لەمبارەوە دەڵێت «ئەگەر بڵێم کارێك نییە من بیکەم ڕەنگە وانەبێت، چونکە کار هەیە کە هەندێك گەنج بیکات، بەڵام بەوجۆرە کارانە گەنجەکان لەناخەوە دەڕووخێن، لەبەر ئەوەی لەبەیانییەوە تا ئێوارە بەمووچەیەکی زۆر کەم دەوام دەکەن کە بەقەد ئەو مووچەیە کرێکارێکی بێگانە بەبێ بڕوانامە لەدەرەوە دێت هەمان ئەو مووچەیەی پێدەدرێت، جا من چۆن دەتوانم لەناو ئەو کوردستانە ١٥ ساڵم خوێندووە بڕۆم کارێك بکەم کە مانگانە مووچەیەکی کەم بێت، بۆیە من وەکو گەنجێکی ئەو وڵاتە بەردەوام هەست دەکەم هێنانی دەستی کاری بێگانە بۆ ئیهانەکردنی توانای گەنجەکانی وڵاتەکەمە».

### هەڵوێستی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی چییە؟

ئەگەر لەسەر ئاستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامە بۆ چاککردنی ئەم دیاردەیە هەبوایە، هەموو ساڵێك پێویست نەبوو زیاتر لە٢٥-٣٠ هەزار کارمەند لەفەرمانگەکانی حکومەت دابمەزرێت و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر بێ و بێکاری ڕۆپۆشکراو لەزیادبووندا بێت، هەربۆیە ئەم پرسەمان ڕووبەڕووی خاتوو ئاسۆس نەجیب وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کردەوە و سەبارەت بەم لایەنە بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان خستەڕوو وتی «وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لەپاڵ دۆزینەوەو ڕەخساندنی دەرفەتی کارکردن بۆ گەنجان و بێکاران و دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان، هەوڵی بۆ ئەوەش داوە ژیان و گوزەرانی کرێکاران و ئەوانەی لەپرۆژەو لەبازاڕەکان کاردەکەن لەهەرێمی کوردستان باش بکات. بەڵام تاکو ئەو یاسایەی کەئێستا لەپەرلەمانی کوردستانە (یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران) پەسەند نەکرێت، ئێمە ناتوانین خزمەتی زیاتر پێشکەش بکەین و دەستمان کراوە بێت. چونکە ئەم یاسایەی ئێستا کاری پێدەکرێت یاسایەکی کۆنەو لەگەڵ بارودۆخی ئێستادا ناگونجێت. بۆیە بەپێی ئەم یاسایە ژیان و گوزەرانی کرێکار و دەستی کاری ناوخۆ لەپرۆژەکان گرنگی زیاتر و بایەخی بەرفراوانتری پێدەدرێت».

کەواتە وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ئەم پرسەی بە پەسەنکردنی یاسایەکە بەستەوە کە هێشتا لەپەرلەمانە و پەسەند نەکراوە، بۆیە سەبارەت بەو کرێکارە بیانیانە پرسیارمان لێکرد کە ئێستا لەهەرێمی کوردستان بوونیان هەیە، لەمبارەو لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ ئەم ڕاپۆرتە پێی وتین «هەردەم هەوڵمان داوە دەستی کاری ناوخۆ لەپرۆژەکان بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوەو هەلی کار بۆ بێکاری خۆمان بدۆزێتەوە. بۆیە لەچوارچێوەی مەرج و ڕێنماییەکاندا هاتنی کرێکاری بیانی بۆ هەرێمی کوردستان سنووردار کراوە. ئەو کرێکارەی دێتە کوردستان دەبێت کرێکاری هونەری بێت و ئەو پیشەیەی کاری لەسەر دەکات لەهەرێمی کوردستان دەگمەن بێت. بەڵام ئەوەی هەیە ڕۆژانە کرێکاری بیانی بەقاچاغ و دوور لەڕێنماییەکان لەڕێگای خواروو و ناوەڕاستی عێراق دەهێنرێنە هەرێمی کوردستان. هەروەها بەپێی یاساکانیش ڕێگە دراوە بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان کۆمپانیا بیانیەکان خۆیان لەکاتی ئەنجامدانی پرۆژەکانیان کرێکاری بیانی لەگەڵ خۆیان بێننە کوردستان. کەئەمەش هەلی کار بۆ بێ کارانی کوردستان کەم دەکاتەوە».

## گەنجانی بێکار:

# کار هەیە بەڵام ئەو کارەی زۆر باش بێت مەرجی زۆرە و ئەوەشی بەردەستی و خزمەتکاری بێت ئێمە پێی ڕازی نابین